# شێوەخوێن

جەلیل کاکەوەیس



چەندین ساڵم بەسەردانی پیشانگا شێوەکارییەکان بەسەربردو بەهەویای ئەوەبووم لە تابلۆیەکدا خەمە ئەزەلییەکانی خۆم بدۆزمەوە. زۆرجاریش شۆخیم بەو خولیا عەنتیکەیەی خۆم دەهات؛ «هونەرمەندی داماو لەکوێ پەی بەوخەیاڵ پلاوەی تۆ بەرێت!» هەموو جارێکیش لە دەفتەری سەرنجەکان ئەمەم دەنووسی؛ «هونەرمەندی ئازیز، ئەمجارەش نائومێدت کردم، چونکە خەمەکانی منت لە تابلۆیەکدا پیشان نەداوە.. ئاخر من بنیادەمێکم تەمەنێکە بارێکی قورسم بەشانەوەیە و ئێوە لێی بێ ئاگان، رازێکم پێیە و هێشتا نەم درکاندووە. دەی تۆیەک نەتوانیت جێگەی خولیاو خەمەکانی

من لەتابلۆیەکدا بکەیتەوە، ئیدی ئەم رەنجەت لە پای چی!».

ئەو رۆژەی بیستم کە سبەینێ لە تەلارە خڕەکەی بەرانبەر کتێبخانەی ئاسۆ پیشانگایەکی شێوەکاری دەکرێتەوە، بەئەڵهاوە خۆم بۆی سازدا، وەرزەکەی خاکەلێوەیەکی خەمگین بوو، چونکە رۆژانە لەبری باران تەپوتۆزی بیابان بەسەر شاردا دەباری. بۆ بەیانییەکەی کە ویستم بۆ پیشانگاکە بچم، گوێم لێ بوو بەحوجەت لە دەرکەی ماڵی میمکە تەمینی دراوسێمان دەدرا. خورپەک بەدڵمدا هات؛ «دیسان لە دەرکەی ماڵی میمکە دەدرێ و تەرمێکی بێ ناونیشانی بۆ دێننەوە!»، چونکە ئێمەی خەڵکی گەڕەک لەگەڵ ئەوە راهاتبووین ناوبەناو لە زیندانەوە تەرمی کەسێکی ئەشکەنجەدراو دەهێننە دەرەوە و دەی دەنە دەست میمکە تەمینەوە، بۆیە لە بێ دەسەڵاتیدا دەمان وت، «زیندانییەکانی شار هەموو کوڕی میمکە تەمینن!».

بەپارێزەوە سەرێکم کێشاو بینیم سێ زرتەی جل زەیتوونیی لەبەر دەرگای ماڵی میمکە تەرمێکیان لەسەر ئۆتۆمبیلێک دادەگرت. میمکە بەپەشۆکاوییەوە دەرکەی کردەوە. یەکێ لە جل زەیتوونییەکان کاغەزێک و قەڵەمێکی بۆ درێژکرد:

– دەی لێرە واژووی بکە. ئەم فۆرمە تێیدا نووسراوە؛ «من تەمین یادگارم، وا تەرمی جەنگیی خاڵخاڵانی کوڕم وەردەگرم و بەڵێن دەدەم نە کەس بۆ ناشتنی ئاگادار بکەمەوە، نە پرسەیشی بۆ دابنێم» بەپەلە واژووی بکە.. ئەگینا...

هەستم راگرت میمکە بەزمانێکی گیراو و قوڕگێکی نووساوەوە بەئاستەم زاری کردەوە.

– جەنگیی خاڵخاڵانەی کوڕم دەمێکە کوژراوە، لەراهی خودا ئێوە ناوبەناو بەناوی کوڕە تاقانەکەمەوە تەرمێکم بۆ دێن و منیش ناچار لەگەڵ سێ کەنیشکەکەمدا هەر لەنێو ماڵەکەی خۆم بەئامانەت دەی نێژین. وەرن تەماشەکەن حەوشەکەم بووەتە گۆڕستانی تەرمە نەناسراوەکانی ئەم شارە!

– ئەو کوڕە نەفرەتییەی تۆ پشیلەی حەوت رووحەو ناتۆپێت!

ئەوان رۆیشتن و میمکە و سێ کەنیشکەکەی بەبێدەنگی دارەبازەکەیان بردە ژوورەوە و دەرکەکەیان پێوەدا. دەمزانی تا میم تەمین و کچەکانی لە حەوشەکەی خۆیان گۆڕێک هەڵدەکەنن، تەرمەکەش دوو رۆژ دەمێنێتەوە و بۆنەکەی گەڕەک هەراسان دەکات. دەمزانی دەنگۆی ئەم تەرمەش وەک ئەوانی پێشتر تەنها دەبێتە چپەچپێکی رەوتەنی نێو گەڕەک؛ «ئەم تەرمە تەرمی جەنگیی خاڵخاڵانی نییە، جەنگیی سوورو سپییەکی موو زەردبوو، کەچی ئەم لاشەیە شین هەڵگەڕاوە. جەنگیی خاڵخاڵانەی پێش ئەوەی ون بێت، داوێکی سپی نەکەوتبووە سەروریشییەوە، بەڵام سەرووریشی ئەم لاشەیە وەک خوری سپییە!»

چێشتەنگاوێکی درەنگ گەیشتە تەلارە خڕەکەو بەپەرۆشەوە تابلۆکانی نێو پیشانگاکەم یەک یەک بەسەر کردەوە و هەمان وتەکانی پێشووم لە تۆماری سەرنجەکان نووسی، وەلێ ئەم جارە بەدڵێکی پڕەوە ئەمەم بۆ زیادکرد؛ «هونەرمەندی ئازیز، تۆ نەتتوانیوە جەستەی شێواوی جەنگیی خاڵخاڵان لە تابلۆیەکدا

بەرجەستە بکەیت، نەتتوانیوە لە تابلۆیەکدا حەوش و ماڵەکەی میمکە تەمین و سێ کچەکەی پیشان بدەیت کە بووەتە گۆڕستانی ئەو تەرمە نەناسراوانەی کە هەموویان ناویان جەنگیی خاڵخالآنییە! تۆ نەتتوانیوە ئەوە وێنا بکەین کە جەنگیی خاڵخالآنی عەیامێکە زیندوو دەکرێتەوە و دووبارە دەیکوژنەوە!».

من خەریکی تۆمارکردنی ئەو سەرنجانە بووم، لەپڕ هەناسەیەکی حەسرەتبارم لەپشت سەرمەوە ژنەوت؛ «هونەرمەندانی شار هەموو ئاشنای ئەم سەرنجانەی تۆن، تەنها ئەوەی لێی بێ ئاگان ئەو تەرمانەیە کە لە ماڵی میم تەمین دەنێژرێن، ئەوان هێشتا ناوی ئەو گۆڕستانە نادیارەیان نەبیستووە، نەشیان بیستووە کە جەنگیی خاڵخالآنی چەند جار کوژراوە و زیندووکراوەتەوە! ئەوەی ئەوان دەیزانن جەنگیی خاڵخالآنییەک لە یەکێ لە شەڕە سەختەکاندا بریندار بووە و ئیدی لەوساوە بێ سەروشوێنە!».

وتەکانی هونەرمەندەکە ئەوەندەی تر سەربردەی جەنگیی خاڵخالآنییان لێ کردم بەمەتەڵ و ئەفسانەیەک، بۆیە بێ ئەوەی شتێک بڵێم بەرەو ئەو دۆخە گەڕامەوە کە بۆ یەکەم جار جەنگیی خاڵخالآنییەکم لە مەزارەکەی خاڵخالآن دی. ئەو دەمە بەهۆی حەکایەتە ترسناکەکانی دایکم شەوانە خەونی سەیرم دەبینی و بۆ بەیانی هەستم دەکرد هیچ ئەندامێکی جەستەم وەک خۆیان نەماون؛ سەری خۆمم لێ بووبووە کەللەسەری ئەسپی باڵداری نێو حەکایەتەکان، لووتم وەک هی فیل درێژ بووبووەوە، نینۆکی پەنجەکانم بەهی پشیلەکێوی دەچوون. کاتێ دایکم هەستی بەپەژارەکانم کرد، دەستێکی سۆزناکی بەسەرمدا هێنا؛ «خەمت نەبێت، سبەینێ دەچینە سەر مەزارەکەی خاڵخالآن و چاک دەبیتەوە.»

کە لەو غایلانە وەئاگاهاتم، بینیم هونەرمەندەکە بەرانبەرم لەسەر کورسییەک دانیشتووە و واپێدەچوو دەمێک بوو قسەی بۆ دەکردم، وەلێ من فریای ئەوەندەی کەوتم؛ «نەمرکردنی جەنگیی خاڵخالآنی لە تابلۆیەکدا تەمەنێکی گەرەکە. ئەوەی وتەی سامانیان بۆ ئێوەو سەریان بۆ ئێمەی لە گوێدا نەزرنگێتەوە، ناتوانێت جەنگیی خاڵخالآنی بناسێت! ئەوەی راستی شێتبوونەکەی یووسف بیبانی نەزانێت، هەرگیز جەنگیی خاڵخالآنی ناناسێت و نازانێت چەند جار کوژراوە و زیندووکراوەتەوە!»

هونەرمەندەکە ئەوەندەی وت و وەک ئەوەی دەرفەتی بیرکردنەوەم بدات، تا شتێکی نوێی دەربارەی جەنگیی خەڵخالآنی لە دەفتەری سەرنجەکانی بۆ بنووسم، خۆی بە قۆڵدەرەکەی بەردەستی خەریک کردبوو. منیش بەبێ ویستی خۆم بۆ سۆراغی جەنگیی خاڵخالآنی گەڕامەوە بۆ ئەو تاریک و روونەی نێو مەزارەکەی خاڵخالآن.

نووسیم: رۆژی پێشتر بەسەرێکی قورس و لووتێکی یەکجار درێژەوە لەگەڵ دایکمدا ماوەیەکی زۆر بەشیوەسووردا رۆیشتین. ئەم شیوە لە زەینی مندا بەدۆڵێکی ئەفسانەیی دەچوو، چونکە لە حەکایەتەکانی دایکمدا کوشتارگەیەک بوو بەپانایی و قووڵایی دۆڵەکە خوێنی بنیادەمی کوژراوی پێدا دەڕۆیشت. ئیدی دیقەتی ئەو خەرەند و لوتکانەوە ئەم بەرو ئەوبەری شیوەکەم دەدا بەخەیاڵی خوێنێکی گەش چەشنی تاڤگە دەهاتە خوارێ. تەنانەت درەختەکانیش بەدارهەنار و زەردەلوو و گەلآو بەرەکانیانەوە

سـوور دەچوونەوە. دایکم بێ ئەوەی ئاگـای لەوە بێت من هەمـوو شـتـێکی ئەم دۆڵە وەک خـوێن دێتە بەرچاوم، وتی:«ئای ئەم شیوەسوورە خوێنی بەفیڕۆی تێدا رژا، دەبوو ناوی بنێن شێوەخوێن.. ئەی نابینیت ئەم هەمـوو پێلاوە لێـرە جێـمـاون، ئەمە هی ئەو شەڕکەرانەن کە لێرە کوژران.. ئەها ئەوە پۆستاڵ، ئەوە پێلاوی لاستیک!» لەگەڵ ئەم وتنەدا هێندەی دیکە خەرەندو داروبەرد لەبەرچاوم سوور هەڵگەڕان. وام بەخەیاڵدا دەهات لەبن هەر تاوێرو دەوەنێکەوە لەلاشـەی بنیـادەمـێکی کـوژراوەوە خـوێن فـیـچـقـە دەکـات و بەقـەد درەختەکاندا هەڵدەپژێت.

من لەم غـایلانەدا بووم لەنکاو دایکم ئاوڕی لێدامەوە:

- سـوارە، دەزانێت سـاڵی هەشـتـا جـەنگیی خەڵخالانی کوڕە تاقانەکەی تەمینی دراوسێمان ئا لەو قـەدیاڵەی بەرانبـەرمـان کـوژرا، گـوایا هەر لەوێ بەبێ نیـــشـــانە نێـــژراوە و تەنانەت دایکەکەیشی نازانێت لەکوێیە!

ئەودەمە و خۆراوایە بەسـەرێکی قـورسـەوە ئەو هەورازەمـان دەبڕی کـە کـۆتاییـەکـەی مـەزاری خاڵخالان بوو. بیرم لە گۆڕە نادیارەکەی جەنگیی خاڵخالانی دەکردەوە، بۆیە چاوم دەگێـڕاو لەبن هەر دەوەن و تاوێرێکەوە تارمـایی جـەنگیی خـــاڵخـــالانی دەهاتە بەرچاوم. بەگـــوێرەی وەسپـەکـانی دایکم جەنگیی سوورو سپیـەکی مـووزەرد بوو، چاوەکـانی چوون چاوی هەڵۆ تیـژ بوون. ئیـدی ناوبەناو تابۆکە بەهەمان روخسارو نیگاوە خۆی ئامبازم دەکرد. دوای بێدەنگییەکی زۆر دایکم هەڵوەستەیەکی کرد:

- سوارە، ئەها ئەوە مەزارەکەیە وا گەیشتین.

ئەمـشـەو لەوێ دەمـێنینەوە، گـەرەکە بەنیـازێکی پاک و بەپێی خاوسی لەبەردەم گۆڕەکەدا بەچۆکدا بێـیت و بپـاڕێـیـتـەوە. چاوەکـانت بنوقـیـێـەوە پیـاوێکی نوورانی بێـتـە بەرچاوت. کـە سـبـەی رۆژهەلات هەست دەکــەیت لەشت وەک پەڕێک سووک بووە و قورسایی سەرت نەماوە. شەوێک هەر شـەوێکە، چاو نوقـانی شـەوێک لە ئازاری تەمەنێک باشترە. سوارە، گوێت لێمە؟

نازانم ئەو ئێـوارەیە چۆن وا زوو تاریک داهات و لەنکاو نێو مەزارەکە بوو بەزوڵومات. وام زەن دەکرد لەدوای ئەو چاونوقـان و تاریکییـە، ئیـدی جـــارێکی دی رووناکی بەچاوەکـــانی خـــۆم نابینمـەوە. دایکم بەردەوام وێردێکی دەخـوێندو دەی دواندم؛ «ئەم تاریکییە زوو دەڕەوێتەوە، هەر ئەوەندەت خۆشە چاوت نوقاندو بەدڵ تێکەڵی ئەم زاتە نـوورانیـیـە بوویت، دەبینیت دنیـا دەبێـتـە چراخان!» دایکم ئەوەندەی وت و لەنێو بێدەنگی و تاریکیدا ون بوو.

بەخـشـەخـشی لاپەڕەکـانی قـۆڵدەری دەست هونەرمەندەکە وەئاگاهاتم. ویستم بڵێم لە توانای تۆشدا نییە جەنگیی خاڵخالانی راستەقینە لە تابلۆیەکـدا بەرجـەسـتـە بکەیت، چونکە ئەوەتا چەندین گـۆڕی بەناو جـەنگیی خـاڵخـالانی لە ماڵەکەی میـمکە تەمین نێژراون، ئیـتـر چۆن لە یەکـتـر جـیـایان دەکـەیتـەوە!؟ هونەرمـەندەکە بەڕوخسـارێکی تژی لە پرسیـار تێی دەڕوانیم، خۆم لە نیگاکانی کەلا خست و دەستم کردەوە بەنووسین: شەوی نێو مەزارەکە تاریکێکی وابوو، بەهیچ جۆرێ دایکم نەدەبینی و نەمیش دەزانی لە کام سـووچی مـەزارەکەوەیە، تەنها بەئاسـتـەم دەم ژنەوت کـە بێ پسـانەوە نزای دەکـرد؛ «تۆ تاکـە

پشتوپەنای ئێمەیت، گەر سوارەی کوڕی تاقانەم لەو دەردە نەخەلەسێت، ئیدی پەنا بۆ کێ ببەم، ئاخر من بێوەژنێکی بێ رووم و دەبمە پێخۆری پیاوە چاولەدەرەکان!».

دایکم کەسێکی نادیاری دەدواندو منیش هەستم دەکرد سەرم قورستر دەبێت. لەنێو ئەو زولوماتەدا تارمایی دایکم و کەسە نادیارەکە و جەنگیی خاڵخاڵانی دەهاتنە بەرچاوم. زمانم بەجۆرێ لە گۆ چووبوو نەمدەتوانی هاوارێک بکەم. دەستم دەگێڕاو تەنها کێلی گۆڕەکەی نێو مەزارەکە بەردەستم دەکەوت، وام زەن دەکرد وا یەکێک لە گۆڕەکەوە دەرچووەو لە سووچێکی نێو مەزارەکە لەگەڵ دایکمدا بەخەلوەتیی قسان دەکەن و بەزمانێک دەدوێن من لێیان تێناگەم. کەسەکە جلوبەرگێکی لەبەر بوو پێشتر لەبەر کەسانی دیکە بینیبووم و پێیان دەوت جلی بیابان. ئەمێستا کەسە نادیارەکە تەواوێک لێم نزیک بووبووەو بەهەردوو دەستی فشارێکی توندی خستە ئەملاو ئەولای سەرم و لەوەبوو مەژگم لە هەردوو کونە لووتمەوە دەربچێت. لە حەژمەتان تا تینم تێدا بوو هاوارم کرد؛ «دەستەکانت لابە کاسەی سەرم تەقی!» لەگەڵ هاوارەکەمدا دایکم سەرمی لە دەستەکانی خۆی رەها کردو لەسەر وێردو نزاکانی بەردەوام بوو؛ «پیاوی خودا سوارەم بۆ چاک بکەوە!» چاوم بۆ رووناکییەک دەگێڕا، تا لەو تاریکییە کوشندەیە رزگار ببم. لەنکاو لە پەنجەرەی مەزارەکەوە تیلماسکە رووناکییەک هێوری کردمەوە. ئیدی وەک یەکێ لە زیندانێکی هەتا هەتایی رەها بووبێت، بەتەکانێک هاتمە دەرەوە. دنیا تاریک و روون بوو، شەپۆلێکی زیوین لە لوتکەی خاڵخاڵانەوە چەشنی تاڤگە بەرەو رووم دەهات و دنیای روونتر دەکرد، لەنکاو گوێم بەدەنگێک زرنگایەوە؛ «کوڕیژگە وابزانم ئەمشەو لەنێو ئەم مەزارە زۆر ترسایت!» کە ئاوڕم دایەوە لەبەردەم ئەو تاقە ژوورەی کە پێیان دەوت گەنجینەی مەزار پیاوێکی دەموچاو هەڵپێچراوم دی. بەدەنگێکی خۆبیانە وتی:

– مەترسە من جەنگیی خاڵخاڵانیم.

بەترس و گومانەوە گوتم: جەنگیی خاڵخاڵانی دەمێکە نەماوە، ئا لەو قەدپاڵەی بەرانبەر ئەم مەزارە کوژێتەر کوشتی.

دیاربوو دەیهەویست گومانەکەم برەوێنێتەوە، بەدەنگێکی هۆگرانە بێ ئەوەی هەنگاوێک لێم بێتە پێشەوە گوتی:

– من جەنگیی خاڵخاڵانیم و نامرم. ئاخر گەر من بمرم ئێوەش شوێن و هەتەرتان نامێنێت. تۆ کوڕیژگەیەکی گێل دیاریت و هێشتا لە نهێنی مەرگ و ژیانی من تێناگەیت. ئاخر گەر من بمرم خەڵکی دەشت و چیا نان براو دەبن، قاچاغچی و سەوداگەران لە برسان دەمرن.. تۆ بیر بکەوە گەر منی جەنگیی خاڵخاڵانی بمرم ئەو هەموو سەربازە هەڵاتووە لەکوێ بحەوێنەوە، ئەو پیاوە ژن هەڵگرو دوژمندارانە کێ دالدەیان بدات!؟ گەر بۆ قەستی رووحی من ئۆردوویەک ئەم کێوانە کێومالڵ نەکەن، کێ دەبێتە سەردارو کێ کۆیلە!؟ من جەنگیی خاڵخاڵانیم و بروانامەی نەمریم و لە سەرداری گەورەی پێتەختەوە بۆ هاتووە و نامرم گێلە؛

وشەی (گێل) دایچڵەکاندم و هەستم کرد ئەم پیاوە روخسار هەڵپێچراوە بەگەورەبوونی سەرم و درێژیی لووتمی زانیوە، وەلێ بەسەر خۆمم نەهێناو

پتـر پێم لەسـەر ئەوە داگـرت کـە ئەو جـەنگیی خاڵخالانی نییە.

کە دەستم لە تۆمـارکردنی رووداوی شەوی نێو مـەزارەکە و پیـاوە روخسـار هەڵپێـچـراوە بەناو جـــەنگیی خـــاڵخـــالانی هەڵگرت، بینیم هونەرمـەندەکـە بەوردی دیقـەتی نووسـینەکـەم دەدات:

- کەواتە ئەمێستا تۆش گومانت نەما کە ئەو تەرمـەی دراوەتەوە دەست مـیـمکە تەمین و سێ کچەکەی هی جەنگیی خاڵخالانی نییە.

- ئەی هی کێیە!؟

- هی کـەسـێکە ئاگـای لە مـردنی جـەنگیی خاڵخالانی راستەقینە نییە و بەدووی شەپیوورێ ئەو دەمـامکدارانەدا چووە کە سـەردەمێکە ناوی جەنگیی خاڵخالانییان لە خۆ ناوە.

- کەواتە ناوی جەنگیی خاڵخالانی تەڵەیەکی کوشندەیە و تا ئەو ناوە بمێنێت جگە لە ماڵەکەی مـیـمکە تەمین، مـاڵـەکـانی هەمـوومـان دەبێـتـە گۆڕستان.

- نا، تا ئەو دەمـەی هەمـوو خـەڵکی گـۆڕی جەنگیی خاڵخالانی راستەقینە دەدۆزنەوە.

وازم لەو چەندوچوونەی نێـــوان خـــۆم و هونەرمـەندەکـە هێناو دەسـتم بەنووسین کـردەوە؛ دنیا تەواو رووناک بووبووەوە، تارماییـەکـەش لە پیاوێکی ئاسایی دەموچاو هەڵپێچراو پتر نەبوو. لەنکاو بەدەنگی دایکم راچەنیم:

- سوارە، ئەوە لەکوێیت؟

بێ ئەوەی وەڵامی دایکم بدەمەوە، دەمڕوانییە ئەو شوێنەی پیاوە دەموچاو هەڵپێچراوەکەی لێ وەستابوو، وەلێ ئێستا بەهیچ شوێنێک هەتەری نەبوو. دووبارە دایکم بەهەمان ریتم بانگی کردم، کـــە ئاوڕم دایەوە بینیم دایکم لەبەردەرکـــەی مەزارەکە وەستاوە و رەنگی چوون زەعفەران زەرد هەڵگەڕاوە، پرچە سپییەکەی لەبەر تیشکی خۆرە تازە هەڵاتووەکـــە دەبریسکایەوە بەزمـــانێکی نیمچە گیراوەوە لێی پرسیم:

- سوارە، ئەوە کێت دەدواند؟

- ئەوە جەنگیی خاڵخالانی بوو.

دایکم دەسـتـێکی لەرزۆکی بەسـەرمـدا هێناو داوای لێکردم کـە مـەزارەکە جێ بهێـڵین و بەرەو شـارێگەی کـەرکـوک بکەوینە رێ. ئیـدی وەک دوو رێبـــواری رێگە وێڵکردوو رچەڕێیـــەکی قەدبڕمان گرتەبەر، هەریەکەمان تاریکە شەوەکەی نێـو مـەزارەکـە و پیـاوە نوورانییـە بێ دەنگ و رەنگەکـەو جـەنگیی خـاڵخـالانییـەکی دیکەی روخسار هەڵپێچراومان لەگەڵ خۆماندا هێنابوو. دایکم لە نواوە وێردێکی دەخـوێندو منیش ئەو پێـــڵاوە دڕاوانەم دەژمـارد کـە لەم بەرو لەوبەری رچەڕێیـەکە کـەوتبوون و هی ئەو شەڕکـەرانەبوون کـە تەمـەن و سـەردەمـێک ئەم شـیـوەخـوێنەیان کردبووە شەڕگە.

هونەرمـەندەکە بەپەرۆشـەوە دەیڕوانییـە ئەوەی من لە دەفـتـەری سـەرنجـەکـان نووسـیـبـووم. بە سۆزەوە رووی تێکردم:

- تۆ هەر لێـرە چیـرۆکی ئەو دەمـامکدارانەت نووسی، کـــە هەمـــوویان ناویان جـــەنگیی خـاڵخالانییـە، منیش پاشمـاوەی تەمـەنم بۆ ئەو تابلۆیە تەرخان دەکـەم، کە جەنگیی خـاڵخـالانی راستەقینە پیشان دەدات.